# کێلە نەخشێندراوەکانی مزگەوتی گەورەی خورماڵ –نمونەی هەڵبژێردراو-
# (توێژینەوەیەکی هونەری، شیکاری، مەیدانییە)

م. مهدی جلال مصطفی
بەشی شوێنەوار
کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
زانکۆی سلێمانی
mahdi.mustafa@univsul.edu.iq

م.ی. اکرام شیروان حسین
زانکۆی هەڵەبجە
ikram.sherwan@uoh.edu.iq

ڕزگار جواد مجید
شوێنەوارناس
rzgar.jawad١٥٩٢@gmail.com

ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٤\٤\٢١    ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە:٢٠٢٤\٥\٢٣

**پوختەی توێژینەوە:**

خورماڵ یەکێکە لە شارە گرنگە مێژووییەکان، دەوڵەمەندە بە چەندین ناوچەی شوێنەواری سەردەمانی ڕابردووی مرۆڤایەتی، لەوانە: (مزگەوت و منارە، گۆڕستان، قەڵا، ئەشکەوت، گرد، شورا و ... هتد)، هەربۆیە لەلای شوێنەوارناسان و مێژوونووسان هەمیشە جێی بایەخ بووە، و ناوێکی دیاری ناو کتێبە مێژوویی و بەڵگەنامە و دوو توێی گەشتنامەی ئەو گەریدانە بووە کە هاتوونەتە خاکی کوردان.

یەکێك لەو شوێنەوارە گرنگانەی شارەکەش بریتییە لە کێلە نەخشێندراوەکانی مزگەوتی گەورە، ژمارەیان نۆ گۆڕە و دەکەونە ناو ژوورێکی چوارگۆشەیی لە بەشی خۆرئاوای مزگەوتەکە، بە هۆکاری نائارامی سیاسی ناوچەکە لە ڕابردوودا و کاریگەری ئاو و هەواو نەبوونی ڕۆشنبیری گشتی بۆ پاراستنیان لە لەناوچوون سەرجەمیان پارچە پارچە بوون و زۆرێك لە پارچەکانیش بزر بوون.

پاڵپشت بە تۆماری مێژوویی سەر کێلەکان بۆمان دەردەکەوێت کۆنترینیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی(١٢٣٩ك/١٨٢٤ز)، ڕووی کێلەکان بە شێوەیەکی زۆر جوان و سەرنجراکێش بە نەخش و نیگاری ڕووەکی و ئەندازەیی لە پاڵ نەخشی نووسین ڕازێندراونەتەوە، دەربارەی خاوەنداری گۆڕەکانیش ئاماژەکان ڕوو لەوەن بریتین لە گۆڕی موسا بەگی قائیمقامی ئەوکاتی گوڵعەنبەر و ئەندامانی خێزانەکەی.

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە دەرخستنی: مێژوو و گرنگی شوێنەکە، جۆری کێل و نەخش و خەت و تایبەتمەندی نەخشی سەر کێلەکان، لایەنی هونەری نەخشاناندن لە ناوچەکەدا، ناوی ئەو کەسانەی ناویان تۆمارکراوە لەسەر کێلەکان، بێگومان ئەمەش گرنگی خۆی هەیە، چونکە ئەم کەسایەتییانەی لێرەدا نێژراون ڕۆڵی بەرچاویان گێراوە لە شارەکەدا.

**وشە سەرەکییەکان:** خورماڵ، مزگەوتی گەورە، نەخش و نووسین، کێلی گۆڕ.

**پێشەکی:**

کێلی نەخشێندراوی سەر گۆڕەکان یەکێکن لە گرنگترین بەڵگەنامە شوێنەواری و مێژووییەکان، بەهۆی بوونی جۆرەها نەخشی جیاواز سەریان لەوانە:(نووسین، ڕووەکی، ئەندازەیی، هێمایی و ... تاد) پشتیان پێ دەبەسترێت بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەسەر ڕەهەندە جیاوازەکانی سەردەمانی ڕابردووی مرۆڤایەتی، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازییان هەبووە لە:(شێوە، جۆری بەرد، نەخش و جۆری خەتی نووسین، جۆری هەڵکۆڵین، پێوانە و ... تاد)، مەرج نییە هەموو گۆڕێکی شوێنەواری کێلدار بێت، یاخود ئەگەر کێلدار بێت کێلەکانی نەخشدار بێت و مێژووی لەسەر تۆمارکرابێت، چونکە زۆربەی جار نەخشاندن و ڕازاندنەوەی کێلەکان پەیوەست بووە بە لایەنی:(ئایینی،

سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ... تاد)، خاوەن پایە و دەسەڵاتدار و کەسایەتییە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان لە دوای کۆچکردنیان گرنگی دراوە بە ڕازاندنەوەی گۆڕەکانیان لەلایەن نزیکان و دارو دەستە و شوێکەوتوانیان، تاوەکو ناو و پێگەیان بە زیندوێتی بمێنێتەوە.

لەم توێژینەوەیەدا هەستاوین بە ئەنجامدانی شیکارییەکی هونەری بۆ سێ لە کێلی گۆڕەکانی مزگەوتی گەورەی خورماڵ، ناوەڕۆکی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە: پوختە، پێشەکی، دوو تەوەرە بەم شێوەیە: تەوەری یەکەم تایبەتکراوە بە مزگەوتی گەورەی خورماڵ و پێکهاتووە لە:(هەڵکەوتەی جوگرافی، مێژووەکەی، گرنگی و بایەخی مزگەوتەکە لە ڕابردوودا)، تەوەری دووەمیش تایبەتە بە باسکردن و شیکردنەوەی هونەری سێ نمونەی هەڵبژێردراو لە کێلی گۆڕەکانی مزگەوتەکە و دابەشکراوە بەسەر:(هەڵکەوتە و شوێنی گۆڕەکان، مێژووی گۆڕەکان، شیکردنەوەی هونەری کێلەکان)، پاشان بە کورتی لە چەند خاڵێکدا ئاماژە بە گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە کراوە، دواتر لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتە ڕوو.


هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتەش بۆ توێژینەوە تاوەکو ئێستا وەکو پێویست توێژینەوەی ئەکادیمی لەسەر ئەم گۆڕانە ئەنجام نەدراوە، سەرباری ئەوەی سەرجەم کێلەکان شکێنراون و پارچە پارچە بوون و هەندێك لە پارچەکانیان بزر بوون، هەروەها لە ئێستادا بەهۆکاری سەرلەنوێ بیناکردنەوەی مزگەوت و منارەکەی لەسەر شێواز و نەخشەی شوێنەواری کۆنی خۆی بڕیار وایە ئەم ژوورە وەکو مۆزەخانەیەکی بچوکی لێبکرێت و ئەو پارچە کێلانەی ماونەتەوە بپارێزرێن، بۆیە جێگەی خۆیەتی توێژینەوەیەکی ئەکادیمیان لەسەر بکرێت بۆ ئەوەی مێژووەکەشیان هاوشێوەی هەندێك لە پارچە کێلەکانیان بزر نەبێت.

**تەوەری یەکەم/ هەڵکەوتە و مێژوو و گرنگی مزگەوتی گەورەی خورماڵ:**

**١/ هەڵکەوتەی جوگرافی:**


دەکەوێتە بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی ناوەندی قەزای خورماڵ، لە باکووری ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە، پاڵیداوەتە بەشی ڕۆژئاوای قەڵای دێرینی نارین(قەڵای خورماڵ)، ئاوی چەمی زەڵم لە باکوور و سەرچاوەی ئاوی گەنجان لە باشوور و قەڵای گەڕاو و ئاوی گۆگرداتی خورماڵ(گەڕاوەکە) لە باشووری خۆرئاوا دەوری مزگەوتەکەیان داوە، کاتی خۆی لە ناوەندی ئاوەدانی شارەکەدا بووە، واتە ئەو بەشەی ئێستا ناسراوە بە(خورماڵی کۆن)، و لە ئێستادا بەهۆی فراوانبوون و گەشەکردنی شارەوە دەکەوێتە بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی خورماڵەوە، (حسین، ٢٠٢٢، ٦٠)(بڕوانە نەخشەکانی ژمارە ١ و ٢).

sjh@univsul.edu.iq



نەخشەی ژمارە ١ سنووری جوگرافی شاری خورماڵ ١٩٦٠ز، وەرگیراوە لە:(باقر و سفر، ١٩٦٦)

/٢




نەخشەی ژمارە ٢ نەخشەی کارگێری پارێزگای هەڵەبجە، وەرگیراوە لە:
(https://krso.gov.krd/content/upload/١/root/administrative١١_w١٢٠٠.jpg)

**مێژووی مزگەوتەکە:**

هەرچەندە سەرچاوە مێژووییەکان گومانیان لە دێرینی مزگەوتەکە نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند بۆچوونێکی جیاواز دەربارەی مێژووی بنیاتنانی دروستبوون، لە گرنگترینیان:

١/ زۆربەی بۆچوونەکان ئەوە دووپاتدەکەنەوە لە سەرەتای فتوحاتی ئیسلامی و بە دیاریکراوی سەردەمی عومەری کوڕی خەتتابدا لە ساڵی(١٨ك/٦٣٩ز) بنیاتنراوە (زەڵمی، ٢٠٠٨، ٢٧٢ ؛ صاڵح، ٢٠١٨، ٣٣ ؛ نەقشبەندی، ١٩٨٣، ٧٠)، لە مێژووی زارەکیشەوە وەرگیراوە گوایە لەسەر دەستی(عەبدوڵڵای کوڕی عومەر) دروستکراوە، بەڵام ئەم بۆچوونە هیچ سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی زانستی

پشتڕاستی ناکاتەوە، چونکە(عەبدوڵڵا) نە لە پایەی بڕیارداندا بووە تاوەکو فەرمان بە دروستکرنی مزگەوت بدات، وە نە بەشداری فەتحی عێراق و شارەزووری کردووە(میرزا، ٢٠١٤، ٧٣٤).

٢/ جەمال بابان پێی وایە سەلیم پاشای بابان دروستکەری مزگەوتی گەورەی خورماڵ بووە لە ساڵی(١١٦٠ك/١٧٤٧ز)(بابان، بدون سنة طبع، ١٠٤)، بۆ ئەم بۆچوونەشی پشتی بە لێکدانەوەی ئەو پارچە شیعرە فارسییە بەستووە کە لەسەر پارچە بەردێك نووسراوە و لە ڕابردوودا لەسەر دیواری هۆڵی نوێژکردنی مزگەوتەکە دانراوە(محەمەد، ٢٠١٦، ٢٢٣)، تیایدا ناوی(شاه سليم) هاتووە، کە پێی وایە مەبەست لە سەلیم پاشان بابانە.

٣/ خورشید پاشا لە گەشتنامەکەیدا باسێکی گوڵعەنبەریشی تۆمارکردووە و دەڵێت: لە گوڵعەنبەر(مسجد جامع) هەبووە کە لەلایەن سوڵتان سەلیمی دووەمی عوسمانی بنیاتنەری بووە(باشا، ٢٠٠٩، ٢٩٤)، ئەمە بۆچوونی دکتۆر مستەفا زەڵمیشە کە پێی وایە لەلایەن سوڵتان سەلیمەوە بیناکراوە و موسا بەگیش نۆژەنیکردووەتەوە(زەڵمی، ٢٠١٤، ٢٩).

٤/ خوسرەو جاف پێی وایە مێژووی دروستکردنی مزگەوتەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایی سلێمان پاشای بابان(١٢٤٣-١٢٥٤ك/١٨٢٨-١٨٣٨ز)، فەرمانی کردووە بە قائیمقامی ئەوکاتی گوڵعەنبەر(موسا بەگ)* مزگەوتێك دروستبکات بۆ شارەکە(جاف، ٢٠٢٠، ٧)، هەرچەندە لە پەراوێزی دەستنوسەکانی ئەوقافی سلێمانیدا هاتووە کە: سلێمان پاشای بابان لە ڕێگەی موسا بەگەوە مزگەوت و مەدرەسەکەی نۆژەنکردووەتەوە نەك بنیاتنەری بووبێت(محمد، ١٩٨٣، ٣٥٦).

شایەنی باسە بۆ یەکەمجار لە ساڵی(١٩٤٣ز) لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گشتی عێراقییەوە بە ڕەسمی وەکو شوێنەوارێك ناسێنراوە(المواقع الأثرية في العراق، ١٩٧٠، ٣٤٣).

### ٣/ ڕۆڵ و گرنگی مزگەوتەکە:

ناوەندێکی ئایینی و زانستی و ڕۆشنبیری گرنگ بووە لە ناوچەکەدا، خزمەتێکی زۆری بە پرۆسەی خوێندن و خوێندەواری کردووە، لە زۆرێك لە بەڵگەنامە و دەستنووس و گەشتنامەکاندا ناوی تۆمارکراوە، لە سەردەمی فتوحاتی ئیسلامیدا یەکێك لەو ناوچە کوردییانەی لە لاپەڕەکانی مێژووی ئیسلامیدا باسکراوە هەرێمی شارەزوور بووە، لەناو مێژوونووسانیشدا بۆچونێکیش هەیە شاری گوڵعەنبەر(خورماڵی ئێستا) پایتەختەکەی بووبێت (صاڵح، ٢٠١٨، ٨)، گەڕیدە(أبو دلف مسعر بن مهلهل) لە ساڵی(٣٤١ك/٩٥٢ز) سەردانی هەرێمی شارەزووری کردووە، و لە گەشتنامەکەیدا تۆماریکردووە و دەڵێت: لە دزدان (پێمان وایە شاری خورماڵە) لە نزیك(زەڵم) مزگەوتی جومعە و جەماعەتی (مسجد جامع)ـی تێدا بووە، کە مەبەست بە مزگەوتی گەورەی خورماڵە (الخزرجي، ١٩٥٥، ١١)، ناوهێنانی ئەم مزگەوتە دەلالەت لە گرنگی پێگەکەی دەکات.

ئەم مزگەوتە خاوەنی مەدرەسەیەکی ئایینی بووە، خزمەتێکی بێوێنەی کردووە و بەردەوام فەقێ و فێرخوازی لێنەبڕاوە، فەقێ و قوتابی لە شوێنی دوورەوە ڕوویان تێکردووە(ڕؤوف، ٢٠٠٨، ١٣٩)، یەکێك بووە لە خوێندنگە دێرینەکانی کوردستان، زۆر لەو زانایانەی نازناوی شارەزووریان هەڵگرتووە دەرچووی ئەو مەدرەسەیەن(**صاڵح**، ٢٠١٨، ٧٧)، هەر دەسەڵاتێك هەژموونی بەسەر ناوچەکەدا زاڵبووبێت مزگەوت و مەدرەسەکەی بووەتە جێگەی گرنگیپێدانی، ئەوەتا لە یەکێك لە بەڵگەنامەکانی سەردەمی عوسمانییەکاندا بە ژمارە(٠٠٥٢٢,٠٠٠٨٩) لە بەرواری(٥ی شەوالی ساڵی ١٢٨٣ك/ ١٨٦٦ز) بە واژۆی(شێخ محەمەد سادق) کە بۆ والی بەغداد نێردراوە هاتووە: ("لە قەزای گوڵعەنبەری سەر بە سانجەقی سلێمانی، جامیعی جەنابی سوڵتان سەلیم خان غازی دروستکراوە و زیندوو کراوەتەوە")،

هەروەها ئاماژە بەوە کراوە کە:("بە نوێکردنەوە و نۆژەنکردنەوەی جامیعی ناوهاتوو ئەرکی خزمەتکارەکانی کۆتاییان پێ هاتووە...") (باجگر، ٢٠١٩، ٥٧).

لە ڕۆژگاری بابانەکانیشدا میرەکانی ئەو میرنشینە پشتگیرییەکی بەهێز و گەورەی ئەم مزگەوتە بوون، و توانیویانە کاری فراوانکردن و نۆژەنکردنەوەی بۆ ئەنجام بدەن و مامۆستای باشی بۆ تەرخان بکەن(ساڵح، ٢٠١٥، ٣١).

لە ڕۆژگاری گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی تەریقەتی نەقشبەندیشدا لە ناوچەی هەورامان، شێخانی ئەو تەریقەتە گرنگی زۆریان بە مزگەوت و مەدرەسەی گوڵعەنبەر داوە و جێگەی بایەخی شێخەکانیان بووە و پشتگیری ماددی و مەعنەوییان کردووە(صاڵح، ٢٠١٨، ٧٧).

**تەوەری دووەم/ کێلە نەخشێنراوەکانی مزگەوتی گەورەی خورماڵ:**

**١/ هەڵکەوتە و شوێنی گۆڕەکان:**

ئەم گۆڕانە پێش کاری دروستکردنەوەی بینا و منارەی مزگەوتەکە لەسەر نەخشەی کۆنی خۆی دەکەوتنە ناو ژوورێکی چوارگۆشەیی بە پێوانەی(٣,٢٠م× ٣,٣٢م) لە تەنیشت بەشی باشووری منارەی مزگەوتەکە، لە بەشی چەپی دەروازەی سەرەکی چوونە ناو هۆڵی نوێژکردنی مزگەوتەکە، بەشێکی دانەبڕاوی پێکهاتەی بیناسازی مزگەوتەکە بووە و لە هەر قۆناغێکدا مزگەوتەکە نۆژەنکرابێتەوە ئەمیش نۆژەنکراوەتەوە، لە کۆتا جاردا پێش ئەوەی بروخێنرێت بە مەبەستی سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی مزگەوتەکە لە کۆتایی ساڵی (٢٠٢٣)، دیوارەکانی لە بەرد و قسڵ دروستکرابوون، بەرزییەکەی(٤,٢٠م) و ئەستوری(٧٢سم) و سەقفی ژوورەکە نەماوە. یەك دەرگای هەبوو ڕووە و خۆرهەڵات بە پێوانەی بەرزی(٢,١٠م) و پانی(٩٩سم)، لە نەخشەی بیناسازی کۆنی مزگەوتەکەدا ئەم دەرگایە لەسەر بەرهەیوانی مزگەوتەکە بووە، لەناو ژوورەکەدا لە بەشی ڕووگە(قیبلە -بەشی باشوور)یدا میحرابێکی بچوکی ڕووچاڵ دروستکرابوو بە پێوانەی(بەرزی ١,٤٠م) و(پانی ٩٠سم) و(قوڵی ٥٥سم)، و لە ڕاست و چەپیشیدا دوو تاقی ڕووچاڵ دروستکرابوون، پێوانەی تاقی لای ڕاست بریتی بوو لە:(بەرزی ٥٥سم) و(پانی ٥٠سم) و(قوڵی ٥٣سم)، و تاقی لای چەپیش پێوانەکەی بریتی بوو لە(بەرزی ٥٠سم) و(پانی ٥٤سم) و(قوڵی ٥٠سم)، هەروەها لە دیواری بەشی ڕۆژهەڵاتیدا بە هەمان شێوە تاقێکی تر دروستکرابوو بە پێوانەی(بەرزی ٥٠سم) و(پانی ٦٠سم) و(قوڵی ١٨سم)(مەیدانی: ٢٠٢٣).





وێنەکانی ژمارە ١، ژووری تایبەت بە گۆڕەکان(توێژەران)

ئەم ژوورە هاوشێوەی هۆڵی نوێژکردن و شوێنی پەرستنی مزگەوتێکی بچوك بنیاتنرابوو، بۆیە وەکو توێژەر پێمان وایە

دەگونجێت پێش ئەوەی ببێتە مەزارگەیەك چلەخانەیەکی* تایبەتی موسا بەگ بووبێت، و تیایدا خواپەرستی کردبێت دوور لە چاوی خەڵکی(بڕوانە وێنەکانی ژمارە ١).

هەروەها پێمان وایە مێژووی دروستکردنی ئەم ژوورە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی موسا بەگ دەبێتە قائیمقامی خورماڵ و مزگەوتەکە نۆژەندەکرێتەوە و ئەم بەشەی بۆ زیاد دەکرێت بۆ ئەو مەبەستەی سەرەوە ئاماژەمان پێکرد.

بە گشتی مەزارگەکان لە ڕووی نەخشەسازییەوە کراون بە دوو جۆرەوە(شێوە بورجی و شێوە ژووری چوارگۆشەیی گومەزدار یان بێ گومەز)(هیلن برند، ١٣٦٦، ٢٨١)، دەکرێت ئەم مەزارگانە ئایینی بن یاخود نا ئایینی(گرابر، ١٣٧٥، ٢٩ ؛ هیلن برند، ١٣٦٦، ٢٨)، مەزارگە ئایینییەکان زیاتر کەوتوونەتە بەر نۆژەنکردنەوە بە بەراورد بە مەزارگە نائایینییەکان(مەجید، ٢٠٢٣، ١٠٨)، دیارە ئەم مەزارگەیە لە ڕووی نەخشەسازییەوە لە جۆری دووەمە و ئایینییە. لە ئێستادا ژوورەکە ڕووخێنراوە و تەنها گۆڕەکان ماونەتەوە، و بڕیار وایە لەسەر شێوازی نەخشەی کۆنی خۆی دروستبکرێتەوە، و جگە لەوەی گۆڕەکانی تێدا بپارێزرێن بکرێتە مۆزەخانەیەکی بچوکیش بۆ مزگەوتەکە (بڕوانە وێنەی ژمارە ٢).



وێنەی ژمارە ٢
پاشماوەی ژووری گۆڕەکان پاش ڕووخاندنی بە مەبەستی سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی. وەرگیراوە لە:
(https://www.facebook.com/photo ......)

**٢/ مێژووی گۆڕەکان:**

پاڵپشت بە نەخش و نووسینی مێژوویی سەر کێلەکان بۆمان دەردەکەوێت، مێژووی ئەم گۆڕانە دەگەڕێنەوە بۆ چارەکی دووەمی نیوەی یەکەمی سەدەی(١٣ك/١٩ز)، زۆربەی کێلەکان تۆماری مێژووییان لەسەرە، کۆنترین گۆڕیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٢٣٩ك/١٨٢٤ز) و تازەترینیان دەگەڕێتەوە بۆ(١٢٤٦ك/١٨٣٠ز)، هەروەها ناوی کەسایەتییەکان(خاوەن گۆڕەکان – مردووەکان) تۆمارکراوە، لەوانە:(عەبدوڵڵا بەگ، ئیسماعیل بەگ، عائیشە خان، موحەممەد بەگ، مەحمود بەگ)، هەروەها چەند سەرچاوەیەکی مێژوویی کە لەسەر مێژووی مزگەوتە دواون ئاماژەشیان بەوە کردووە خاوەنداری ئەم گۆڕانە دەگەڕێتەوە بۆ خانەوادەی موسا بەگ، کە لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی بابانەکاندا قائیمقامی گوڵعەنبەر بووە(یوسف، ٢٠٠٥، ٤٦١)، پێش ئەوەی لە تەنیشت منارەی مزگەوتەکەدا ژوورێکی تایبەتی بۆ خواپەرستی خۆی وەکو چلەخانە دروستکردووە، پاش مردنی لەو ژوورەدا نێژراوە و پاشان بووەتە گۆڕستانی تاکەکانی خێزانەکەی، هاوشێوەی مزگەوتی گەورەی سلێمانی کە گۆڕی بنەماڵەی عەبدولڕەحمان پاشای بابان و بنەماڵەی کاك ئەحمەدی شێخی تێدایە.

**٣/ شیکردنەوەی نەخش و نووسینی سەر کێلەکان:**

**گۆڕی یەکەم - کێلی یەکەم:**

| ناسنامەی کێل | |
|---|---|
| **مێژوو** | ١٢٤٦ك/١٨٣٠ز |
| **شوێنی کێل** | کێلی لای سەری مردوو |
| **پێوانە** | بەرزی: ٤١ سم<br>پانی: ٤١ سم<br>ئەستوری: ٧ سم |
| **جۆری بەرد** | مەرمەڕ |
| **جۆری نەخشەکانی** | نووسین، ئەندازەیی |
| **جۆری خەت** | ثلث |
| **زمانی نووسین** | عەرەبی |
| **بابەتی نەخشەکان** | ناو و ساڵی کۆچکردنی مردوو، پاڕانەوە بۆ مردوو. |
| **بارودۆخی کێل** | سەرەڕای ئەوەی بەشێکی سەرەوەی کێلەکە شکاوە و نەماوە، ئەو بەشانەشی ماون بوونەتە چوار بەش. |



وێنەی ژمارە ٢ (توێژەران)

**شیکاری هونەری نەخشەکانی سەر ڕووی کێلی یەکەم:**

ناوەندی کێلەکە و چێوەکەی ڕازێندراوەتەوە بە نەخشی(نووسین، ئەندازەیی) بەم شێوەیە:

**ناوەندی کێلەکە:** ئەوەی لە ئێستادا ماوەتەوە و بەرچاوە لەناو سێ جامەی سەربەخۆی هاوشێوەدا ناوی مردوو و ساڵی کۆچکردنی تۆمارکراوە، بە خەتی ثلث بە شێوەی بارز، بەم شێوەیە:

- (الاحسان محمد ابن)، واتە: ئیحسان محمد کوڕی
- (المرحوم المبرور عبدالله بيك)، واتە: خوالێخۆشبووی چاکەلەگەڵکراو عەبدوڵڵا بەگ
- (غفر الله لهما في سنة ١٢٤٦)، واتە: خودا لە هەردووکیان خۆشبێت، لە ساڵی ١٢٤٦(بە ساڵی کۆچی).


SJH p-ISSN: ١٨١٣-٠٨٥٢, e-ISSN: ٢٦١٧-٣٠٣٤

**چێوەی کێلەکە:** لەناو چەند جامەیەکی هاوشێوەی نەخشی ناوەندی کێلەکە، بەڵام بچوکتر بەپێی مەودای ئەو شوێنەی هونەرمەندەکە بۆی دیاریکردووە، نەخشی نووسین دووبارە کراوەتەوە بە مەبەستی ڕازاندنەوەی ڕووی کێلەکە و پرکردنەوەی بۆشایی سەری، بابەتەکە بریتییە لە پاڕانەوەی پێغەمبەر محمد ﷺ، بەم شێوەیە:

لای ڕاست لە خوارەوە: (اللهم انت ربي)، واتە: خودایە تەنها تۆ پەروەردگارمی.

(لا اله الا انت)، واتە: هیچ خودایەك نییە جگە لە تۆ.

لای چەپ لە سەرەوە: بەهۆی شکانی بەشی سەرەوەی کێلەکە تەنها پیتەکانی(فر ا) ماونەتەوە، بە پشت بەستن بە بڕگەی دووەم و تەواوکاری پاڕانەوەکە بۆمان دەردەکەوێت دەستەواژەی (فانه لایغفر ا) بووە، واتە: کەس ناتوانێت چاوپۆشی بکات...

(لذنوب الا انت)، واتە: لە تاوانەکان جگە لە تۆ.

(یا ارحم الراحمین) واتە: ئەی بەخشندەی بەخشندان (بڕوانە وێنەی ژمارە ٢).

**گۆڕی یەکەم - کێلی دووەم:**

| ناسنامەی کێل | |
|---|---|
| **شوێنی کێل** | کێلی لای پێی مردوو |
| **پێوانە** | بەرزی: ٤٤ سم |
| | پانی: ٤١,٥ سم |
| | ئەستوری: ٦,٥ سم |
| **جۆری بەرد** | مەڕمەڕ |
| **جۆری نەخشەکانی** | نووسین، ڕووەکی، ئەندازەیی |
| **جۆری خەت** | ثلث، نەستەعلیق |
| **زمانی نووسین** | عەرەبی و فارسی |
| **بابەتی نەخشەکان** | ئایاتی قورئان، چەند ناوێکی پیرۆزی خودا، هۆنراوەی فارسی. |
| **بارودۆخی کێل** | نیوەی بەشی سەرەوەی کێلەکە شکاوە و نەماوە. |



وێنەی ژمارە ٣ (توێژەران)

**شیکاری هونەری نەخشەکانی سەر ڕووی کێلی دووەم:**

نەخش و نیگاری سەر ئەم کێلە بەسەر سێ بەشدا دابەش دەبن: (ناوەندی کێلەکە، چێوەی کێلەکە، لاکانی کێلەکە) و نەخشەکان بریتین لە (نووسین، ڕووەکی، ئەندازەیی)، بەم شێوەیە:

**ناوەندی کێلەکە:** لە سەرەوە بۆ خوارەوە لەناو چوار نەخشی ئەندازەیی شێوە لاکێشەیی هاوشێوەدا بە نەخشی نووسین ڕازێندراوەتەوە بە خەتێکی بارز، کە بریتییە لە هۆنراوەیەکی فارسی بە خەتی نەستەعلیق، بەم شێوەیە:

(هرجا گلی ا .....)، واتە:(لە هەرشوێنێك گوڵێك ا.....)

(هرجا دلی است کوره حدد)، واتە:(لە هەرشوێنێك دڵێك وەك کورەی ئاسنگەر بێت)

(هرجا که گر بفرض شاد مان کنی دلی)، واتە:(لە هەر شوێنێك گریمان دڵێکمان شاد کردووە)

(از مرگ دوست رنجه نا شاد کرده)، واتە:(ئازاری مردنی خۆشەویست نیگەرانی کردووە)

چێوەی کێلەکە: لە ڕاست و چەپی کێلەکەدا لەناو هەشت نەخشی بچوکی ئەندازەیی هاوشێوەی زنجیرە بەستراو و پەیوەست بەیەکەوە بەشێك لە ئایەتی(٢٥٥)ـی سورەتی(البقرة) ناسراو بە(ئایەتی کورسی) و بەشێك لە ئایەتی(٦٤)ـی سورەتی یوسف نووسراوە، ئەوەی لە ئێستادا مابێتەوە و بەر شکاوییەکە نەکەوتبێت، بەم شێوەیە:

**لای ڕاستی کێلەکە لە خوارەوە بۆ سەرەوە:**

لەناو شێوەیەکی بەری داری سنەوبەردا نەخش و نووسینی ڕووەکی کە پێکهاتووە لە لق و گەڵای ناسروشتی تێکەڵ و چوو بەناو یەکدا نووسراوە.

لەناو شێوەیەکی لاکێشەیی ستوونی کەوتوو و سەرەتاو کۆتایی هاتوو بە نوك تیژ (الله لا اله الا) نەخشکراوە، واتە: الله ئەو زاتەیە هیچ پەرستراوێکی ڕاست نییە جگە(لە زاتی پاکی)

(هو الحي القيوم لا)، واتە: الله داییم زیندوو ڕاگر و سەرپەرشتیارە، جگە

(لەوەولا بۆ سەرەوە ئەم بەشەی کێلەکە شکاوە و نەماوە.

**لای چەپی کێلەکە لە سەرەوە بۆ خوارەوە:**

لەم بەشەدا بەهۆی شکانییەوە تەنها کۆتا پیتەکانی وشەی(السماوات) ماوە کە بریتین لە (... موا).

لەناو شێوەیەکی لاکێشەیی هاوشێوەی لای چەپ(والأرض ولا يوده) نووسراوە، واتە: ڕاگرتن و پاراستنی ....(ئاسمانەکان) و زەوی بۆ خودا گران و سەخت نییە.

(حفظهما وهو العلي العظيم)، واتە: هەر ئەو بڵند و پایە بەرز و ڕێنیشاندەری گەورەیە، لە دەسەڵات و تواناادا هاوشانی نییە.

(فالله خير حافظا وهو ارحم الراحمين)، واتە: خودا باشترین پارێزگارە، و خاوەن بەرزترین بەڕەحم و بەزەییە بەرامبەر دروستکراوەکانی(مەحمود، ٢٠١٢، ٧٩).

هاوشێوەی لای چەپی کێلەکە لەناو شێوەیەکی بەری داری سنەوبەردا نەخشی ڕووەکی کە پێکهاتووە لە لق و گەڵای ناسروشتی تێکەڵ و چوو بەناو یەکدا نەخشکراوە (مەیدانی، ٢٠٢٣) (بڕوانە وێنەی ٣).

**تێبینی** :سەرەتای ئایەتی کورسی و کۆتاییەکەی نەخشکراوە، نازانین چەنێکی تری نەخشکراوە، چونکە بەشێکی زۆری ئایەتەکە دەرنەکەوتووە کە بریتییە لە(لا تاخذه سنة ولا نوم له ما في السموات وما في الأرض من الذي يشفع عنده إلا باذنه يعلم ما بين ايديهم وما خلفهم ولا يحيطون بشيء من علمه إلا بما شاء وسع كرسيه السم....).

**لاکانی کێلەکە:** جگە لە نەخش و نووسینی سەر ڕووی کێلەکە کە ئاماژەمان پێکردن، لە هەردوو ڕاست و چەپی و تەنیشتەکانیشیدا لە مەودای پانی(٦,٥ سم)دا بەشێك لە ناوە پیرۆزەکانی الله یەك لە دوای یەك نووسراون بە خەتی نەسخ، بەم شێوەیە:

**لای ڕاست لە سەرەوە بۆ خوارەوە:** (یا غني - ئەی دەوڵەمەندی بێ سنوور لە هێز و دەسەڵات لە زانست و زانیاری لە ماڵ و ساماندا)،(یا مغني - ئەی ئەو زاتەی وا دەکەیت پێویستمان بە کەسی تر نەبێت)،(یا مانع - ئەی ڕێگر لە هەموو شتێك کە خۆت نەتەوێت ببیەخشیت)،(یا ضار - ئەی زیانگەیەنەر بە هەر کەسێك کە ویستت لە سەری بێت)،(یا نافع - ئەی سود بەخش بۆ کەسێك کە بتەوێت)،(یا نور - ئەی نور و ڕووناکی)،(یا هادي - ئەی ڕێنمونیکاری دروستکراوەکانت)،(یا بديع - ئەی دروستکاری هەموو دروستکراوەکان)،(یا باقي - ئەی مانەوەی بەردەوام)،(یا وارث - ئەی میراتگری هەموو شتێك و هەموو کەسێك)،(یا رشيد - ئەی دامەزراو لەسەر حەق و ڕاستی و دوور لە هەموو ناتەواوی و ناپاکییەك)،(یا صبور- ئەی لەسەرخۆ و بە ئارام)(گەردی، ٢٠١٣، ٣٤٩-٣٦٧)(مەیدانی، ٢٠٢٣).



وێنەکانی ژمارە ٤ (توێژەران)

**لای چەپ لە خوارەوە بۆ سەرەوە:** (یا مجيب - ئەی بەهاناوەچووی بەندە داواخوازەکانت)،(یا واسع - ئەی خاوەن دەسەڵات و بەزەیی و بەخشندەیی و زانیاری و دانایی فراوان)،(یا حليم - ئەی خۆگر و بە ئارام،(یا ودود - ئەی خاوەن سۆز و خۆشەویستی بێسنوور بەرامبەر بە دروستکراوەکانت بە تایبەتی بۆ بەندە دڵسۆزەکانت)،(یا مجيد - ئەی بەرز و بڵند و پایەدار)،(یا شهيد - ئەی زانا بە هەموو شتێك و شایەد لەسەر هەموو شتێك)،(یا باعث - ئەی زیندووکەرەوەی هەر شتێك و هەر کەسێك لە نەبوونەوە بۆ بوون)،(یا حق - ئەی خاوەن حەق و ڕاستی،(یا وكيل – ئەی جێگای پشت پێ بەستن)،(یا قيوم - ئەی ڕاگیر و پارێزگاری هەموو بوونەوەر)،(گەردی، ٢٠١٣، ٢٣٨-٢٧٣)(مەیدانی ،٢٠٢٣)(بڕوانە وێنەکانی ژمارە ٤).

**کێلی بەرامبەر:** (یا جليل – ئەی زۆر گەورە و خاوەن قەدر و ڕێز)، (یا كريم – ئەی بەخشەر بە دیهێنراوەکانت)، (یا رقيب – ئەی چاودێر و ئاگادار بە هەموو ئاشکراو نهێنییەك) (گەردی، ٢٠١٣، ٢٢٧-٢٣٤)(مەیدانی ،٢٠٢٣).

**تێبینی:** جگە لەم (٢٥) ناوەی الله ئاماژەمان پێکردن بەهۆی شکانی بەشێکی کێلەکانەوە نازانین چەند ناوی تر نوسراون.

**بەردی نەخشێنراوی سەر گۆڕەکە:** بەردی سەر ڕووی گۆڕەکە لاکێشەییە و لە بەردی مەرمەڕ دروستکراوە، پێوانەی بریتییە لە: درێژی(١,٥٢م) و پانی(٤١سم) و ئەستوری(٦سم)، ڕازێندراوەتەوە بە نەخش نیگاری:(ڕووەکی، نووسین و ئەندازەیی) بە شێوەیەکی زۆر

ورد و تایبەت، نەخشەکانی بەشی سەرەوە و خوارەوە ڕووەکین و هاوشێوەی یەك دووبارە کراونەتەوە، هەرچی ناوەندی ئەم دوو نەخشەشە بە جامەیەکی شێوە هێلکەیی درێژکۆلەی لە هەردوولا بە نەخشی ڕووەکی ڕازێندراوەتەوە و لەناویاندا شەش دێر نووسین نەخشکراوە، بەم شێوەیە:

لە بەشی خوارەوەی بەردەکەدا (لای قاچی مردووەکە) نەخشەکان دەست پێدەکەن، بریتین لە نەخش و نیگاری ڕووەکی (گەڵا و گوڵ و چڵ)، لە ناوەندی نەخشەکەدا گوڵێکی پەڕپەڕەیی نەخشکراوە، لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی ناوەوە لە(١٠) پەڕە و بەشی دەرەوەی لە (١٩) پەڕە پێکهاتووە، و بە هەرچوار دەوریدا چڵی لێبووەتەوە بە شێوەی دوور لە سروشت، هەندێکیان کۆتاییان هاتووە بە شێوەی چەماوەیی تیژ، و هەندێکی تریان بە گەڵای سێ پەلکی و چوار پەلکی و شێوە بادامی(گوڵی سێ پەلکی چەماوەش پیشان دەدەن)، ئەم نەخشە بە ڕاست و چەپدا بڵاوبووەتەوە و تەواوی ڕووبەری پانی بەردەکەی پڕکردۆتەوە.

لە سەرەوەی ئەم نەخشە ڕووەکییەشدا و لە ناوەندی بەردەکەدا لەناو جامەیەکی لەبزینەیی ڕازاوەی پەڕپەڕەداری کۆتایی هاتووی نوك تیژ لەناو شەش خانەی ئەندازەیی ئاسۆیی کۆتایی هاتوو بە کەوانەی بەش بەش شەش دێر نووسین بە خەتی(ثلث) بە شێوەی بارز نەخشکراوە، بابەتەکە بریتییە لە هۆنراوەیەك بە زمانی عەرەبی دەربارە بە زوهد و تەقوا، لە سەرەوە بۆ خوارەوە بەم شێوەیە:

(الحكم لله)، واتە: بڕیار و فەرمان تەنها بۆ خودایە.

(أصبحت ضيف الله)، واتە: بوومە میوانی خودای گەورە.

(في دار البقاء و على الكريم)، واتە: لە ماڵی هەتاهەتایی و لەسەر ڕێزێکی گەورە و نەبڕاوە.

(كرامة الضيفان يعف الملوك عن النازل)، واتە: ڕێزگرتنی میوانەکان، پاشاکان لە میوانەکانیان دەبوورن لە مەیدانی خۆیاندا.

(بحيهم كيف النزيل بساحة الرحمن)، واتە: دەبێت میوانانی خودای بەخشندە چۆن بن.

ئەم نووسینانە جگە لەوەی بەش بەش جیاکراونەتەوە هەمووشیان پێکەوە کەوتوونەتە ناو نەخشێکی ئەندازەیی شێوە پەڕپەڕەداری کۆتایی هاتوو بە شێوە سێگۆشەیەکی نوك تیژ. ڕاستەوخۆ لەسەر ئەم نەخشەوە گوڵێکی پەڕپەڕەیی(شێوە پانکەیی) دوو بەشی نەخشکراوە، بەشی ناوەوە لە هەشت پەڕە و بەشی دەرەوە لە چواردە پەڕە پێکهاتووە و لە ڕاست و چەپیدا لە یەك ئاستدا دوو گوڵی تری نزیك هاوشێوەی پەڕپەڕەیی بازنەیی نەخشکراون، گوڵی لای ڕاستیان لە یازدە پەڕە و لای چەپیان لە دوازدە پەڕە پێکهاتووە، گوڵی ناوەڕاستیان کە لکاوە بە کۆتایی شێوە نوك تیژیەکەوە پەیوەست پێیەوە لە بەشی سەرەوەیدا شێوە خونچەیەکی کۆتایی هاتووی تیژ نەخشکراوە، ئەم جۆرە گوڵە ناسراوە بە(وردة





وێنەکانی ژمارە ٥ (توێژەران)

قادرية) هێمایە بۆ تەریقەتی قادری، ئەو کەسانەی کە شوێنکەوتەی ئەم ڕێبازە بوون ئەم نەخشی گوڵەیان لەسەر کێلی گۆڕەکانیان نەخشدەکرد وەکو هێمایەك لە شوێنکەوتن و وەفا بۆ ئەو تەریقەتە(مصطفی، ٢٠٢٤، ٢٢٨)، لە سەرووی ئەم نەخشەشدا کە دەکاتە کۆتایی بەردەکەدا هاوشێوەی بەشی خوارەوە هەمان نەخش و نیگاری ڕووەکی دووبارە کراوەتەوە.(بڕوانە وێنەکانی ژمارە ٥).

**گۆڕی دووەم - کێلی یەکەم:**

| ناسنامەی کێل | |
|---|---|
| مێژوو | ١٢٣٩ك/١٨٢٤ز |
| شوێنی کێل | کێلی لای سەری مردوو |
| پێوانە | بەرزی: ٥٥ سم |
| | پانی: ٣٨ سم |
| | ئەستوری: ٥,٥ سم |
| جۆری بەرد | مەڕمەڕ |
| جۆری نەخشەکانی | نووسین، ڕووەکی، ئەندازەیی |
| جۆری خەت | ثلثی تێکەڵ |
| زمانی نووسین | عەرەبی و فارسی |
| بابەتی نەخشەکان | ناوی مردوو، ساڵی کۆچکردن و پاڕانەوە بۆ مردوو. |
| بارودۆخی کێل | بەشی کۆتایی کێلەکە شکاوە و نەماوە. |


وێنەی ژمارە ٦ (توێژەران)

**شیکاری هونەری نەخشەکانی سەر ڕووی کێلی یەکەم:**

ڕازێندراوەتەوە بە نەخش و نیگاری(نووسین، ڕووەکی، ئەندازەیی)، و نەخشەکان دابەشبوون بەسەر ناوەندی کێلەکە و چێوەکەی، بەم شێوەیە:

**ناوەندی کێلەکە:** لە سەرەوە بۆ خوارەوە دابەشکراوە بەسەر پێنج یان شەش جامەی لاکێشەیی هاوشێوەدا، چوار دانەیان ماون لە ئێستادا و ئەوانی تر بەهۆکاری شکانی بەشی سەرەوەی کێلەکە بزر بوون، وەکو لە وێنەکەدا دیارە، لەناو هەریەك لەم جامانەدا نووسین هەیە بە شێوەی بارز، بەم شێوەیە:

(المبرور تاب ثراه جعل)، واتە: چاکە لەگەڵکراو خاکی ناو گۆڕی پاك و بێگەرد بێت و بەهەشت ببێتە.

(مثواه أعنی بە عبدالله بیك)، واتە: جێگەی و ببیەخشێت بە عەبدوڵڵا بەگ.

( ابن المرحوم إسماعیل بیك قد توفی)، واتە: کوڕی خوالێخۆشبوو ئیسماعیل بەگ کۆچی دوایی کردووە.
(في شهر رجب المرجب في سنة ١٢٣٩)، واتە: لە مانگی ڕەجەبی پیرۆزی ساڵی ١٢٣٩ك.
**چێوەی کێلەکە:** نەخش و نیگاری ڕووەکی لەناو ئیتارێکی باریك و درێژدا بەشی ڕاست و چەپی چێوەی کێلەکەیان ڕازاندووەتەوە، نەخشەکان بریتین لە: گەڵا بە شێوەی نیوە بازنەیی بەدەم یەکەوە نەخشکراون و بە گوڵی خونچەیی سێ پەلکی کۆتاییان هاتووە و شێوەیان لە نیو گەڵای خورما دەچێت و سێ بەشین، هەروەها بە شێوەی دووبارە بووەوەی ناوبەناو نەخشکراون، ئەو گوڵانەی دەکەونە بەشی ناوەوەی نێو کەوانەکە لە بەشی ژێرەوەیاندا دوو گەڵای شێوە باڵیان لێوە دەرچووە، ئەم نەخشە بە درێژایی چێوەی کێلەکە دووبارە کراوەتەوە، بەڵام گەڵا باڵییەکان لە کەوانی سەرەوە کەوتوونەتە کۆتایی گوڵەکە (مەیدانی، ٢٠٢٣) (بڕوانە وێنەی ژمارە ٦).

**گۆڕی دووەم - کێلی دووەم:**

| ناسنامەی کێل | |
|---|---|
| **شوێنی کێل** | کێلی لای سەری مردوو |
| **پێوانە** | بەرزی: ٩٢ سم |
| | پانی: ٣٣,٥ سم |
| | ئەستوری: ٧ سم |
| **جۆری بەرد** | مەڕمەڕ |
| **جۆری نەخشەکانی** | نووسین، ڕووەکی، ئەندازەیی |
| **جۆری خەت** | نەسخ |
| **زمانی نووسین** | عەرەبی و فارسی |
| **بابەتی نەخشکراو** | پاڕانەوە بۆ مردووەکە. |
| **بارودۆخی کێل** | بە گشتی بووەتە چەند پارچەیەك و پارچەکی لە بەشی ناوەندیدا نەماوە. |


وێنەی ژمارە ٧ (توێژەران)

**شیکاری هونەری نەخشەکانی سەر ڕووی کێلی دووەم:** بە بەراورد بە کێلەکانی تر بارودۆخی ئەم کێلە باشترە و بەشێکی زۆری پارچەکانی بە شکاوی ماونەتەوە، ڕووی ئەم کێلەش هاوشێوەی کێلەکانی تر ڕازێندراوەتەوە بە نەخش و نیگاری(نووسین، ڕووەکی، ئەندازەیی)، نەخشەکان دابەشبوون بەسەر ناوەندی کێلەکە و چێوەکەی، بەم شێوەیە:**ناوەندی کێلەکە:** دابەشکراوە بەسەر شەش جامەدا، جامەی سەرەوە و خوارەوە جیاوازن لە چواری ناوەند، لەناو هەریەك لەم جامانەدا نووسین نەخشکراوە بە خەتی نەسخ بە شێوەی بارز، جامەی سەرەوە شێوە کەوانەیەکی نوك تیژ یان دەتوانین بڵێین لە شێوە میحرابی یان گومەزیش دەچێت، چوار جامەی ناوەند لاکێشەیین و ئەمسەر و

ئەوسەریان کۆتایی هاتووە بە کەوانێکی بەش بەشی نوك تیژ، و ئەوەی خوارەوەشیان دوو ئەوەندەی ئەم چوار جامەی ناوەندە، بەڵام بە هێڵێکی ڕاست و باریك کراوەتە دوو بەش و دوو دێڕی تێدا نووسراوە، نەخشەکان بەم شێوەیەن:

(البقاء لله تعالی)، واتە: مانەوە تەنها بۆ خوای گەورەیە.

(ای بدر ماند گی تو مرا پناه)، واتە: ئەی بە دەرگای هەتاهەتایت، من پەنام بۆ تۆ هێناوە.

(آمدم بر درت ..........)، واتە: هاتوومەتە بەر دەرگات بە لاوازی و بێچارەیی.

(ای کریمی و غافر .......)، واتە: تۆ بەخشندەی لێخۆشبووی گوناهەکانی.

(ای کریم عفو کن مرا تو گناه)، واتە: ئەی بەخشندە لە تاوانەکانم خۆشبە.

(رب إغفر لعبدك المذنب)، واتە: پەروەردگارا لەم بەندە گوناهکارەت خۆشبە.

(یا عفو یا غفور یا رباه)، واتە: ئەی لێبوردە، ئەی بەخشندە، ئەی پەروەردگارا.

**تێبینی:** دوو دێڕی کۆتایی لەناو جامەیەکدان و بە هێڵێکی باریکی ئاسۆیی لە یەکتر جیا کراونەتەوە جیاواز لەوانی تر،(مەیدانی، ٢٠٢٣)(بڕوانە وێنەی ژمارە ٧).

**چێوەی کێلەکە:** نەخشەکان ڕووەکین و هاوشێوەی نەخشەکانی چێوەی کێلی یەکەمن بێ جیاوازی.

**گۆڕی سێیەم – کێلی یەکەم:**

| ناسنامەی کێل | | |
|---|---|---|
| مێژوو | ١٢٤٣ك/١٨٢٨ز | |
| شوێنی کێل | کێلی لای سەری مردوو | |
| پێوانە | بەرزی: ٥٢ سم | |
| | پانی: ٣٦ سم | |
| | ئەستوری: ٦,٥ سم | |
| جۆری بەرد | مەرمەڕ | |
| جۆری نەخشەکانی | نووسین، ڕووەکی، ئەندازەیی | |
| جۆری خەت | نەسخی تێکەڵاو - عەرەبی | |
| بابەتی نەخشکراو | ناوی مردوو و مانگ و ساڵی مردنی. | |
| بارودۆخی کێل | نزیك بە نیوەی لە بەشی سەرەوەی کێلەکە شکاوە و نەماوە. | |



وێنەی ژمارە ٨ (توێژەران)

**شیکاری هونەری نەخشەکانی سەر ڕووی کێلی یەکەم:**

ڕازێندراوەتەوە بە نەخشی(نووسین، ڕووەکی و ئەندازەیی)، و نەخشەکانی دابەشبوون بەسەر ناوەند و چێوەی کێلەکەدا، بەم شێوەیە:

**ناوەندی کێلەکە:** دابەشکراوە بەسەر چەند جامەیەکی لاکێشەیی ئاسۆیی ڕاست و چەپ کۆتایی هاتوو بە کەوانی نوك تیژ، بەهۆی شکانی بەشی سەرەوەی کێلەکە لە ئێستادا سێ جامەیان بە تەواوی ماونەتەوە و دانەیەکیان لە سەرەوە بەشێکی زۆر کەمی نەبێت شکاوە و نەماوە، هەریەك لەم جامانە نووسینیان تێدا نەخشکراوە بە خەتی نەسخی تێکەڵ بە شێوەی بارز، بەراورد بە بەرزی کێلی دووەمی گۆڕی دووەم کە بەرزییەکەی دیارە، پێمان وایە جگە لەو دێرە نووسینەی کەمێکی ماوەتەوە دێڕێکی تر نووسین هەبووە لەناو جامەیەکی شێوە میحرابیدا، ئەوەی ماوەتەوە بریتییە لە:

(المبرور ......)، واتە: چاکە لەگەڵکراو .....

(الملك المنان عایشه خان بنت)، واتە: پاشای نیعمەتبەخش عایشە خانی کچی.

(عالیشان محمد بیك قد توفت في شهر ذي الحجة)، واتە: پایەبەرز محمد بەگ مردووە لە مانگی زیلحیجەی.

(في سنة الف و ماتین وثلاث و أربعین)، واتە: لە ساڵی هەزار و دووسەد و چل و سێ(بە ساڵی کۆچی).

**تێبینی:** لەناو جامەی خوارەوەدا وشەکانی(ســــــنة) لە بەشی سەرەوە و(ألفـــ) لە بەشی خوارەوە بە درێژی نووسراون، مەبەست لەمەش: بۆ لایەنی جوانکاری و گونجاندن و جێبوونەوەی نووسینەکە بووە لەو مەودا دیاریکراوەدا، هەروەها وردی و شارەزایی و سەلیقەی جواننووسەکەش پیشان دەدات.

**چێوەی کێلەکە:** بە شێوەیەکی ورد و سەرنجڕاکێش نەخشی ڕووەکی لە گەڵا و گوڵ و خونچە و لقی تێك ئاڵاو یەك لە دوای یەك نەخشکراون بە ئاراستەی ستوونی کێلەکە، نەخشەکان دەستپێدەکەن بە خونچەی هەنار و لە ناوەڕاستیدا بۆ زیاتر لێکچوونی لە سروشت شێوە بادامی ڕووچاڵ نەخشکراوە، و لە دەوروبەریشیدا وەکو تەواوکاری ئەم نەخشەیە گەڵا و لقی تێکئاڵاو نەخشکراون، گەڵاکان دوو بەشی شێوە باڵی باڵندەن، نەخشەکان تێکڕا بە شێوەی بارز نەخشێنراون و دیمەنێکی جوانیان بەخشیوەتە کێلی گۆڕەکە، (مەیدانی، ٢٠٢٣) (بڕوانە وێنەی ژمارە ٨).

**گۆڕی سێیەم - کێلی دووەم:**

| ناسنامەی کێل | |
|---|---|
| شوێنی کێل | کێلی لای پێی مردوو |
| پێوانە | بەرزی: ٤٥ سم |
| | پانی: ٣٧ سم |
| | ئەستوری: ٦,٥ سم |
| جۆری بەرد | مەرمەڕ |
| جۆری نەخشەکانی | نووسین، ڕووەکی، ئەندازەیی |
| جۆری خەتی نووسین | نەسخ و ثلث |
| زمانی نووسین | عەرەبی و فارسی |
| بابەتی نەخشکراو | هۆنراوەی عیرفانی |
| بارودۆخی کێل | بووەتە چەند پارچەیەك و بەشێك لە پارچەکانی نەماوە و بزر بوون. |



وێنەی ژمارە ٩ (توێژەران)

**شیکاری هونەری نەخشەکانی سەر ڕووی کێلی دووەم:**

ڕازێندراوەتەوە بە نەخشی(نووسین، ڕووەکی و ئەندازەیی)، و نەخشەکانی دابەش بوون بەسەر ناوەند و چێوەی کێلەکەدا، بەم شێوەیە:

**ناوەندی کێلەکە:** دابەشکراوە بەسەر چەند جامەیەکدا، جگە لە جامەی سەرەوە کە شێوە سێگۆشەییە ئەوانی تر هاوشێوەن، شێوە لاکێشەیین و ئاسۆیی کەوتوون و ڕاست و چەپیان کۆتایی هاتووە بە کەوانی نوك تیژ، لەناو هەریەك لەم جامانەدا نووسین نەخشکراوە بە خەتی(نەسخ و ثلث) بە شێوەی بارز، بەم شێوەیە:

(البقاء الله تعالى)، واتە: مانەوە تەنها بۆ خودای گەورەیە.

(ای چرخ عالم .... )، واتە: ئەی هەڵسوڕێنەری جیهان .....

(هرجا گلی زینه است بباد خزان)، واتە: لە هەر شوێنێك گوڵێك جوان بێت بەدەست بای پایزەوەیە.

(هرجا دلیست کوره حداد کرده)، واتە: لە هەر شوێنێك دڵێك بۆتە کورەی ئاسنگەر.

(رفتی و درد و داغ وتوام یادگار ماند)، واتە: ڕۆشتیت و ئازار و داخی تۆ بە یادگاری مایەوە.

(صد حسرت از تود بر دل امیدوار ماند)، واتە: سەد حەسرەت لە تۆ و لە دڵی پڕ ئومێدەوە مایەوە.

**چێوەی کێلەکە:** ڕازێندراوەتەوە بە نەخش و نیگاری ڕووەکی لە گەڵا و گوڵ و خونچە بە شێوەی دووبارەبووەوەی ناوبەناو، نەخشەکان بەدەم یەکەوە دووبارە کراونەتەوە، دەستپێکی نەخشەکان بە شێوەی خونچەی هەنار دەچن و لە بەشی ژێرەوەیدا گوڵی بچوك و باریك دەرچوون، و لە نێوان هەر دوو خونچەیەکدا گوڵێکی پێنج پەلکی نەخشێنراوە، بەشی سەرەوەی گوڵەکانیش بە شێوەی نیو گەڵای باڵی چەماوە کۆتاییان هاتووە.(مەیدانی، ٢٠٢٣)(بڕوانە وێنەی ژمارە ٩).

**ئەنجام:**

١/ ئەو ژوورەی بووەتە مەزارگە لە سەرەتادا بۆ ئەو مەبەستە دروستنەکراوە، بەڵکو دەسەڵاتدار و نۆژەنکەرەوەی مزگەوتەکە لەو سەردەمەدا بە مەبەستی خواپەرستی(چلەخانە) دروستیکردووە بۆ خۆی، دروستکردنی میحرابێکی ڕووچاڵ لە بەشی ڕوگەو چەند تاقێك سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن، بەڵام پاش ئەوەی مردووە وەکو ڕێزێك یان وەفایەك تێیدا نێژراوە و پاشتریش ئەندامانی خێزانەکەی و نزیکانی لە دەوریدا نێژراون، یان لەوانەیە لەسەر وەسیەتی خۆی تێیدا نێژرابێت.

٢/ پێمان وایە مێژووی دروستکردنی ژووری ئەم گۆڕانە و منارەی مزگەوتەکە بۆ یەك سەردەم دەگەڕێتەوە، پاش ئەوەی مزگەوتەکە نۆژەندەکرێتەوە لەلایەن موسا بەگەوە ئەم بەشانەش زیاد دەکرێن.

٣/ پاڵپشت بەو تۆماری مێژوویی سەر کێلی گۆڕەکان، کۆنترین گۆڕیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی(١٢٣٩ك/١٨٢٤ز) و تازەترینیان دەگەڕێتەوە بۆ(١٢٤٦ك/١٨٣٠ز).

٤/ سەرجەمی کێلەکان ڕازێندراونەتەوە بە نەخشی(ڕووەکی، ئەندازەیی و نووسین)، ئەمەش دەلالەت لە پلە و مەقامی خاوەن گۆڕەکان دەکات.

٥/ نەخشەکان بە گشتی بریتیین لە: ئایاتی قورئانی، ناوە پیرۆزەکانی الله، ناوی کۆچکردووەکان و پاڕانەوە بۆیان، مێژووی کۆچکردنی مردووەکان، هۆنراوەی زوهد و تەقواو و عیرفانی، تێکەڵ بە نەخش و نیگاری ڕووەکی لەناو یەکەی ئەندازەییدا.

٦/ زمانی عەرەبی و فارسی بەکارهاتووە لە نەخشی نووسینی سەر کێلەکان و خەتەکانی(ثلث، نەسخ، نەستەعلیق) بەکارهاتووە.

٧/ لەسەر ڕووی کێلەکان ناوی کۆچکردووەکان تۆمارکراوە، کە بریتین لە:(عەبدوڵلا بەگ، ئیسماعیل بەگ، عائیشە خان، موحەممەد بەگ، مەحمود بەگ)، هەرچەندە زانیاریمان دەربارەیان دەست نەکەوت لە سەرچاوەکاندا کە کێ بوون و لە چ پلە و پایەیەکدا بوون، بەڵام بوونی پاشگری(بەگ و خان) ئەوە دەردەخات کەسانی دەسەڵاتدار و حکومڕانی شار بوون، یاخود لە خانەوادە و بنەماڵەی دەسەڵاتداری شار بوون.

٨/ بوونی گۆڕی ئافرەت لەم ژوورەدا، بە واتای ئەوە دێت ئەم گۆڕانە یەك خێزان بوون، یاخود لانی کەم مەحرەم و نزیکی یەك بوون، چونکە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا نەگونجاو بووە ئافرەت لە تەنیشت کەسانی نامەحرەمدا بنێژرێت لە شوێنێکی وەهادا.

**پەراوێزەکان:**

* **موسا بەگ**: کەسایەتییەکی دیار و دەسەڵاتدار و لە بنەماڵەیەکی بەگزادەی گوڵعەنبەر بووە، بۆچوونێکیش هەیە پەلێك بووبن لە بنەماڵەی بابان(جان، ١٩٤٤، ٦)،(د. مستەفا زەڵمی) لە کاروانی ژیانمدا دەڵێت: "دایکم(ریحان) کچی محمد سلیم لە نەوەی موسا بەگ بووە کە لە خورماڵ دانیشتووە"، (زەڵمی، ٢٠١٤، ٢٩)، لە تەنیشت مزگەوتی خورماڵەوە هۆدەیەکی بۆ خۆی دروست کردووە و پاش مردنی خۆی و تاکەکانی خێزانەکەی تێیدا نێژراون، هەرچەند کێلی گۆڕەکان شکاون و زۆریان نەماون، بەڵام لەسەر ئەوانەیان کە ماونەتەوە ئایاتی قورئانی

و شیعر و مێژووی مردنیان نەخش کراوە، وەکو باسکراوە ئەم موسا بەگە تەمەنی زۆر درێژ بووە، تەنانەت خەڵکی ئەو کاتەی شارەزوور وەکو تەنزێك وتوویانە: (خوا خۆی ئەمێنێ و موسا بەگ)،(جان، ١٩٤٤، ٧).

* **چلەخانە:** شوێنێك بووە(ئەشکەوت یاخود ژوورێك دوور لە ژاوەژاوی کۆمەڵگە)، پیاوانی ئاینی لە فیکری سۆفیەتدا چوونەتە ناوی و بە تەنها پەرستشی خوای گەورەیان کردووە بۆ ماوەی چل ڕۆژ (خاڵ، ٢٠٠٥، ١٣٦).

**سەرچاوەکان:**

**زمانی کوردی:**

**نامەی ئەکادیمی:**

١-حسین، اکرام شیروان (٢٠٢٣ز)، هونەری بیناسازیی منارە شوێنەواری و کەلەپوورییەکان لە هەرێمی کوردستان – نمونەی هەڵبژێردراو – توێژینەوەیەکی مەیدانییە، نامەیەکی ماستەری بڵاونەکراوەیە، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٢-مصطفى، مهدی جلال (٢٠٢٤ز)، هونەری نەخش و نووسینی سەر بەرد لە ناوچەکانی نێوان زێی بچووك و ڕووباری سیروان لە سەدەی (١٢-١٤ك/ ١٨-٢٠ز) نمونەی هەڵبژێردراو - توێژینەوەیەکی شیکاری مەیدانیە، نامەیەکی دکتۆرای بڵاونەکراوەیە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٣-مەجید، ڕزگار جەواد (٢٠٢٣ز)، شوێنەوارەکانی ناوچەی سەنگاو و گۆڕەکانی گوندی جامڕێز – وەک نمونە (توێژینەوەیەکی هونەری و مەیدانی و بەراوردکاریە)، نامەیەکی ماستەری بڵاونەکراوەیە، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

**کتێب:**

٤-باجگر، نەوزاد یەحیا (٢٠١٩)، سلێمانی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا (١٢٦٣ -١٣٣٦کۆچی/١٨٤٧ -١٩١٨زایینی)، و: ئاشتی ڕەحمان، ب٨، چ١، هەولێر.

٥-توفیق، زرار صدیق (٢٠١٢ز)، کورد و کوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا (١٦-٦٥٦ ك/ ٦٣٧ - ١٢٥٨ز)، چ٢، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٦-جاف، خوسرەو (٢٠٢٠ز)، مێژووی مزگەوت و منارەو میحراب و مینبەر و مەزار، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٧-خاڵ، شێخ محەمەد (٢٠٠٥ز)، فەرهەنگی خاڵ، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٨-زەڵمی، موستەفا ئیبراهیم (٢٠١٤ز)، کاروانی ژیانم ١٩٢٤-١٩٥٥، ب١، چ١.

٩-زەڵمی، ئیبراهیم حاجی (٢٠٠٨ز)، خورماڵ لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆئەنثرۆپۆلۆجیە، ب١، چاپەمەنی سیما، سلێمانی.

١٠-ساڵح، ئاراس محەممەد (٢٠١٥ز)، هۆیەکانی گەشەکردنی بزافی ڕۆشنبیری لە شاری سلێمانیدا ١٧٨٤ -١٩٥٨، چ١، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

١١-صاڵح، ئاراس محمد(٢٠١٨ز)، مێژووی مزگەوت و خوێندنگەی گەورەی خورماڵ، ناوەندی سارا، چ١، سلێمانی.

١٢-گەردی، مامۆستا مەلا صابر صاڵح حسین (٢٠١٣ز)، ناوە جوان و پیرۆزەکانی خودا (جل جلاله)، چ٣، هەولێر.

١٣-محمود، ئەحمەد کاکە (٢٠١٢ز)، تەفسیری ڕامان لە ماناو مەبەستی قورئان، چ٣.

١٤- محەمەد، فاتیح عەبدوڵڵا (٢٠١٦)، مێژووی دێرینی کوردستان (پوختەیەك لە مێژوو و شارستانیەتی دێرینی کوردستان)، ب١، چ١، چاپخانەی کارۆخ، سلێمانی.

**گۆڤار:**

١٥- جان، حسن فهمی بەگ (١٩٤٤ز)، مێژووی خولمار، گۆڤاری گەلاوێژ، ژ١٢، ساڵی٥، چاپخانەی معارف، بەغدا.

١٦- نەقشبەندی، ئەمین (١٩٨٣ز)، شارەزوور و شارەزوورییەکان، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد، ب١٠.

**زمانی عەرەبی:**

**کتێب:**

١٧- رؤوف، عماد عبدالسلام (٢٠٠٨م)، مراكز ثقافية مغمورة في كردستان، ط ١، مطبعة خاني، دهوك.

١٨- بابان، جمال (بدون سنة طبع)، أصول أسماء المدن والموقع العراقية، ج١، ط٣.

١٩- باشا، خورشيد، رحلة الحدود بين الدولة العثمانية وإيران، ترجمة وتقديم: مصطفى زهران، الطبعة الأولى، القاهرة، ٢٠٠٩م.

٢٠- باقر، طه، فؤاد سفر: المرشد إلى مواطن الأثار والحضارة، الرحلة السادسة(بغداد -حلبجة)، بغداد، ١٩٦٦م.

٢١- الخزرجي: الرسالة الثانية، اعتنى بنشرها، ت: مينورسكي، بدون سنة الطبع، مطبعه جامعه القاهرة، القاهرة، ١٩٥٥م.

٢٢- محمد، محمود احمد، فهرس مخطوطات مكتبة الأوقاف المركزية في السليمانية(مكتبة بيارة، طويلة، خورمال)، الجزء الثاني، مطبعة بغداد، بغداد، ١٩٨٣م.

٢٣- المواقع الأثرية في العراق (١٩٧٠م)، وزارة الأعلام مديرية الأثار العامة، النشرة طبعت في مطبعة الحكومية، بغداد.

٢٤- يوسف، عبدالرقيب (٢٠٠٥م)، حدود كردستان الجنوبية تاريخيا وجغرافيا خلال خمسة آلاف عام (وما ترتيب على إلحاقها بالعراق)، ط٢، مطبعة شڤان، السليمانية.

**گۆڤار:**

٢٥- مظلوم، طارق و وليد ياسين (١٩٧٠: استطلاعات آثريه في محافظه السليمانية، مجلة سومر، م٢٦، ج١-٢، بغداد، ١٩٧٠م.

٢٦- ميرزا، احمد ميرزا (٢٠١٤م)، أشهر قادة فتح كوردستان في العصر الإسلامي الأول، مجلة كلية العلوم الإسلامية، م٨، العدد (٢/١٥).

**کتێب بە زمانی فارسی:**

٢٧- هيلن برند، رابرت (١٣٦٦)، مقابر، ترجمه: كرامت الله افر، درمعمارى ايران، دوره اسلامى، ج١، انتشارات سمت، تهران، ايران.

٢٨- گرابر، الگ (١٣٧٥)، اولين بناهاى يادبودى اسلامى، ترجمه: كلود كرباسى، مجله اثر، ش ٢٦-٢٧.

**پێگەی ئەلیکترۆنی:**

٢٩- الخارطة الإدارية لمحافظة حلبجة - (سەردانی لینك: ٣/٢٨/ ٢٠٢٤).

https://krso.gov.krd/content/upload/١/root/administrative١١_w١٢٠٠.jpg

٣٠- ماڵپەڕی تایبەتی مامۆستا عبدالرقیب یوسف بۆ کەلتور و شارستانی: ژمارە ٧/ خورماڵ (سەردانی لینك: ٣/٢٨/ ٢٠٢٤).

https://abdulraqib.net/books.php?c=٣

٣١- بەداخەوە شوێنەواری گرنگ و کۆنی منارە و مزگەوتی خورماڵ روخێندرا ؟! - (سەردانی لینك: ١/٢٥/ ٢٠٢٤).

https://www.facebook.com/photo/?fbid=١٠٢١٩٦١٤٢٢٢٠٦٤٦٧٤&set=pcb.١٠٢١٩٦١٤٢٣٨٣٨٥٠٨٢&__cft__[٠]=AZWSEEm٢kAz٠MUIpi_NoUmFC٠٢CB٣MjBMw٨yLZ٢nr_zkN٠QrWkbeayE٠aemYyvCnGxilW٦٥dXect٠uwZy٩bxZqc٨RjqBYPvv٨TiPIEsBb_yS٧ncrLHwT١PlUC٠EkRwWFfes&__tn__=*bH-R)

**سه‌ردانی مه‌یدانی:**

٣٢- چوار شه‌ممه، ٢٠٢١/١١/٣ز، كات: ٣:٣٠ پاش عه‌سر.

٣٣- چوار شه‌ممه، ٢٠٢٣/٥/١٧ز، كات: ١٠:٣٠ پێش نیوه‌ڕۆ.

٣٤- پێنج شه‌ممه، ٢٠٢٣/١١/٩ز، كات: ٠٤:٠٠ پاش عه‌سر.

**الملخص**

تعتبر خورمال من اهم المدن التاريخية وهي تزخر بالعديد من المواقع الاثرية من العصور الماضية للانسانية ومنها (المساجد والمآذن والمقابر والقلاع والكهوف والشورى والتل وغيرها).. ولذلك، كانت دائما ذات أهمية كبيرة لعلماء الآثار والمؤرخين. وقد برزت الكتب التاريخية والوثائق وقصص الرحلات للمسافرين الذين قدموا إلى الأراضي الكردية.

ومن أهم المعالم الأثرية في المدينة شواهد القبور المنحوتة لمسجد خورمال. وتقعان في غرفة مربعة في الجزء الغربي من المسجد، والتي دمرت و تتقطعت بسبب الاضطرابات السياسية السابقة في المنطقة وتأثير المناخ وقلة الوعي العام لحمايتهم من الضيعة والعديد من القطع مفقودة.

ومن خلال السجلات التاريخية الموجودة على شواهد القبور، يمكننا أن نرى أن أقدمها يعود إلى عام (١٢٣٩ك/١٨٢٤م)، وهي مزينة بأنماط نباتية وهندسية إلى جانب أنماط الكتابة. أصحاب القبور هم قبور موسى بك والي (جولعنبر) في ذلك الوقت وأفراد عائلته.

هدف البحث هو الكشف عن تاريخ المكان وأهميته، نوع شواهد القبور، النقوش والخطوط وخصائص النقوش الموجودة على شواهد القبور، الجوانب الفنية للرسم في المنطقة، أسماء من سجلت أسماؤهم وهذا بالطبع مهم لأن هذه الشخصيات مدفونة هنا لقد كان لهم دور كبير في المدينة.

**الكلمات الدالة:** خورمال، مسجد كبير، النقوش والخطوط، شواهد القبور.

# Inscribed Tomb-Stone in Great Mosque of Khurmal -Selected samples- (An Artistic, Analytical Field study)

**Abstract**

Khurmal is one of the most important historical cities which is rich in many archaeological sites of the past periods of humanity, including mosques and minarets, cemeteries, castles, caves, Shura, Hill, etc. Therefore, it has always been of great importance to archaeologists and historians. It has been prominent is the historical books, documents and travelogues of the travelers who came to Kurdish territory.

One of the most important monuments of the city is the carved gravestones of the Great Mosque. They are located in a square room in the western part of the mosque, which was destroyed due to past political unrest in the region and the influence of the climate and lack of public awareness to protect them from piece by piece destruction and many of the pieces are missing.

Based on the historical records on the gravestones, we can see that the oldest of them dates back to the year (١٢٣٩K/١٨٢٤AD), they are decorated with botanical and geometric patterns along with writing patterns. The owners of the graves are the graves of Musa Beg, the governor at that time of Gulanbar and his family.

The aim of the research is to reveal the history and importance of the place, the type of gravestones, patterns, lines and characteristics of the patterns on the gravestones, the artistic aspects of painting in the region, the names of those whose names are recorded, of course, this is important because these characters are buried here. They have had a significant role in the city.

**Key words:** Khurmal, Great Mosque, the type of gravestones, gravestones.